نوری مالیکی وەک ئەمینداری گشتی حزبی دەعوەی ئیسلامی هەڵبژێردرایەوە



حزبی دەعوەی ئیسلامی ئەمڕۆ لە میانی کۆنفرانسی نزدەهەمی خۆیدا، نوری مالیکی وەک ئەمینداری گشتی هەڵبژاردەوە.

بەگوێرەی سەرچاوە سیاسییەکان، حزبی دەعوەی ئیسلامی ئەمڕۆ شەممە لە کۆنفرانسی نزدەهەمی خۆیدا نوری مالیکی وەک ئەمینداری گشتی هەڵبژاردەوە.
لە ساڵی 1970 مالیکی پەیوەندی بە حزبی دەعوەی ئیسلامی ئەپڕزسیۆنەوە کردوەە کە کۆنترین حزبی شیعەیە لە عێراقدا، لە ماوەی ساڵانی خەباتی سیاسیدا لەلایەن ڕژێمی سەدام حوسێنەوە دەستگیر و گۆشگیر کراوەە و تا لە ساڵی 1979 عێراق بەجێدەهێڵێت دوای ئەوەی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا.
دوای ڕاکردنی لەە عێراق، مالیکی سەرەتا لە سوریاو تا ساڵی 1982 جێگیربوە، دواتر چوەتەە ئێران و پاشان لە کۆتایدا گەڕاتەوە بە سوریا، تا ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە 2003 لەوە ماوەتەوە.

لە ساڵی 2003 دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام مالیکی گەڕاوەتەوە بە عێراق، بوە بە ئەندامی یەدەگی ئەنجومەنی کاتیی حکوم لە عێراق، دواتر بوە بە جێگری سەرکی ئەنجومەنی نیشتمانی کاتیی لە عێراق،

جەگری سەرکی دەستی (ریشکەشکردنی بەعس)، کە دەزگایەك بو پێل بریمەر، حاکمی عێراق لە ساڵی (2003-2004) دروستیکرد.

نوری مالیکی هەروەها لە ساڵی 2006 بۆ پێکهێنانی یەکەمین حکومەتی هەبژێردراوی عێراق ڕاسپێردرا و بۆ ماوەی دو خول (هەشت ساڵ) سەرۆك وەزیران بو، لە ئێستاشدا پارتەکەی یەکێکە لە گەورەترین پارتە شیعیەکانی عێراق.